# ڕۆڵی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە پێگەی موفتی لە بەغدا (کاریگەری ئەو لەسەر بزوتنەوەی هزری و مەعریفی)

پ.د.محەممەدزوبێر بایەزی میراوەیی[1]، م.لالە شێخعبدالرئوف نەقشبەندی[2]،

١ مامۆستا لە ناوەندەکانی زانستی مهاباد

1mohammad.zobeir133@gmail.com

2 lala.naqshbandi@gmail.com

**المؤلف المراسل:** پ.د.محەممەدزوبێر بایەزی میراوەیی*

---

**پوختە**

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، لە گەورەترین زانایانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە زیندووکردنەوەی زانست و ئایین و کولتووری کوردستان. لەو توێژینەوەدا بە شێوازی شیکاری_مێژوویی، پلە و شوێنی ئەو لە پێگەی موفتی عێراق و کاریگەریەکانی لەسەر بزوتنەوەی هزری و زانست و زانیاری تاوتوێ دەکرێت. مامۆستای مودەڕڕیس بە پشت بەستن بە زانست و فیقهی ڕەگ و ریشە داکوتراو لە ناخیدا و کولتووری کوردستان و هەڵسەنگاندنی بابەتەکان لە ڕووی ئیجتیهادەوە، توانی سیستمێکی تازە و نوێ لە پرسەکانی دینی بخاتەکار. ئەو شێوازەی کە لە نێوان وەفادار بوون بە میراتی کۆنی شەرعی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگای گۆڕانکاری بەسەرداهاتووی ئەمڕۆیی، هاوسەنگی و باڵانسێکی تازە بەدی بهێنێت.

لە ژیانی مامۆستای مودەڕڕیس، ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو نە تەنیا پرسە شەرعیەکانی ڕۆژانەی خەڵکی چارەسەر دەکرد، بەڵکو لە پێگەی موفتی بەغدا و عێراق بۆ هیدایەت و ڕێنوێنی هزری و ئەندێشەی کۆمەڵگا، پەرەی ڕۆحی ڕەخنە قبوڵ کردن، بەربەرەکانی لەگەڵ بیروشکی و تێنەگەیشتنی فیقهی و پەرەی شێوازەکانی تازە لە فێرکاری دینی کەڵک وەربگرێت.

هەروەها ئاسەوارەکانی زانستی ئەو، بوارخۆشکەر بوون بۆ زیندوو کردنەوەی سوننەتی گفت و گۆی زانستی، بەرز نرخاندنی پلە و شوێنی زمانی کوردی لە حوجرەکانی کوردستان و پەروەردە کردنی قوتابیانێک، کە دواتر ئەوانیش بوون بە دامەزرێنەری گۆڕەپانەکانی تازەی زانیاری و مەعریفی. لەو توێژینەوەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە مامۆستای مودەڕڕیس بە نووسینی دەیان پەڕتووک، وانە وتنەوە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی، لە کۆڵەکەکانی سەرەکی و بەهێزی بزوتنەوەی هزری و مەعریفەتی کوردستان لە سەدەی ١٤ی کۆچی بووە و لە پێگەی خۆی وەک، موفتی و مامۆستایەکی ئایینی مەزهەب شافیعی و مەسلەک ئەشعەری لە عێراق وەک ڕێنیشاندەر و گەشەپێدەری شارستانیەت و زانست بە باشترین شێوە بەهرە وەربگرێت و خزمەتی دین بکات.

**وشەبژێر:** مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس، ئیفتا، هزر و مەعریفەت

---

**پێشەکی**

مێژووی فیقە و ئەندێشەی ئیسلامی، بەردەوام بە هەبوونی زانایانی لێهاتوو درەوشاوەتەوە کە سەرتر لە سنووری جوگرافی و قەومی، لە بەدیهاتنی بزوتنەوەکانی هزری و مەعریفی جیهانی ئیسلامدا کاریگەر بوون. لەو نێوانەدا کوردستان وەک ناوەندێکی گرینگی پەروەردەی زانایانی ئایینی و ئەدەبی، ڕۆڵێکی شیاوی سەرنجی هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی ناوەندەکانی ئیسلامیدا. یەکێک لەو کەسایەتیە لێهاتوو و دیارەی گۆڕەپانی زانست و عیرفان، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسە، کە لە پێگەی موفتی و ڕێنیشاندەری خەڵک (میرزایی، ١٣٩٦: ١٢٩)و سەرۆکی زانایانی موسوڵمانی عێراقدا، ڕۆڵێکی بەرچاو و گرینگی هەبووە لە پەیوەندی نێوان ڕێچکە و داب و نەریتی زانستی کوردستان و ناوەندەکانی فیقهی و مەعریفی جیهانی ئیسلام.

ئامادەبوونی زانایەکی لێهاتوو لە گۆڕەپانی زانستی کوردستان لە پێگەیەکی بەرزی هزری و مەعریفی، نیشاندەری بەهای زانستی ئەو و لەهەمان حاڵیشدا، دەرخەری جۆرێک ڕاگواستن و هاوکاری مەعریفەتی نێوان حوجرەکانی کوردستان و پایتەختی هزر و ئەندێشەی جیهانی ئیسلامە. مامۆستای مودەڕڕیس لەو پێگەیەدا بە بەهرەوەرگرتن لە میراتی زانستی حوجرەکانی کوردستان و ئاگاداری و زاڵبوونی بەسەر سەرچاوەکانی سەرەکی فیقهی، توانی خوێندنەوەیەکی عەقڵانی و چالاک و وەڵامدەر بۆ فیقهی ئیسلام بکات کە هاوتەریب بن لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەم.

گرینگی مامۆستا لەو پێگەیەدا، تەنیا وانەوتنەوە و فەتوا نییە، بەڵکو کاریگەری ئەو لەسەر بەدیهاتن و پەرەپێدان بە بزوتنەوەی هزری و مەعریفەتی بەغدایە، لە ڕێگەی پەروەردەکردنی قوتابیان، پەرەی گفت و گۆی زانستی و بەدیهاتنی هاوسەنگی لە نێوان دەقە شەرعیەکان و واقیعی کۆمەڵگادا. مامۆستا بە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12380]
- **Submission Date:** [2026/1/5], **Accepted Date:** [2026/2/10], **Published Date:** [02/08/2026]

دووربوونی لە بیروشکی زانستی و قەومی، و بە پشت بەستن بە بنەمای ئیجتیهادی، گەشەپێدەری زیاتری مەزهەبی شافیعی و بوار خۆشکەری زیندووکردنەوی گفت و گۆی زانستی نێوان مەزهەبەکان و پەرەی ڕۆحیەتی ڕەخنەوەرگرتن و بیرکردنەوە لە بابەتەکانی دینی و شەرعی و زیندووکردنەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە بە شێوازی شیکاری ـ وەسفی، چەمکی فەتوا و گرینگی پێگەی موفتی لێکدانەوەی بۆ بکرێت، وە بێجگە لە دەرخستنی پلە و شوێنی زانستی مامۆستا، ڕۆڵی ئەو لە بەغدا و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی هزری و مەعریفەتی ئەو سەردەمە تاووتوێ بکرێ. هەروەها هەوڵ دراوە نیشان بدرێت، کە چۆن زانایەکی کورد لە هەستیارترین کات و زەماندا، توانی ئەندێشەی دینی و لێکۆڵینەوەی مەعریفەتی دینی، و پەرەی هاوکاریەکانی زانستی نێوان کوردستان و عێراق و جیهانی ئیسلام پەرە پێبدات و خۆی سەرمەشقێکی بمێن بێت لە پەیوەندی زانست، بەرپرسیاریەتی و زانیاری کۆمەڵایەتی. لە کۆتاییدا ڕۆڵی مەعریفەتی مامۆستا لە فەتوادان بەرجەستە کراوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوە و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی.

بنیاتی توێژینەوە : لەگەڵ ڕۆڵی بەرچاوی زانایان لە گۆڕانکاریەکانی هزری لە جیهانی ئیسلامدا. پلە و شوێنی مامۆستای مودەڕڕیس، وەک یەکێ لە کاریگەرترین زانایانی کورد و موفتی عێراق و ڕۆڵی هزری و مەعریفەتی ئەو لە بەغدا، بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. ئەو لێکۆڵینانەی کە لەسەر مامۆستا کراون، زۆرتر لەسەر بەرهەمەکانیەتی. وەک : (میرزایی، محمداحسن(۱۳۹۹)بررسی موضوعی تفسیر مواهب الرحمان، ش۳، فصلنامه تاریخ تمدن ایران و اسلام.)، (حسینی، سید سعید،(۱۳۹۷)، درآمدی بر دیدگاهها، روش شناسی و آثار تاریخی ملاعبدالکریم مدرس، ش۲۷، سخن تاریخ.)، (رشید شریف، پ.د.عرفان(۲۰۲۲)، ساغ کردنەوەی باوەشێنی دڵ، هەولێر، تەفسیر). بۆیە بنیاتی ئەم توێژینەوەیە دامەزراوە لەسەر ڕۆڵی مامۆستا لە ئەندێشەی دینی، زیندووکردنەوەی عەقڵانیەتی مەعریفەتی، زمان و ئەدەبیاتی کوردی و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی هزری و مەعریفەتی لە کوردستان و عێراق.

ئامانجەکانی توێژینەوە: ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی زانستی و هزری مامۆستای مەدەڕڕیس، لە گۆڕانکاری هزری و مەعریفەتی کوردستان و عێراق. هەروەها لێکدانەوەی بنەماکانی هزری و شێوازی مەعریفەتی ئەو لە دین و کۆمەڵگادا و سەرنجی تایبەتی مامۆستا بە زمان و ئەدەبیاتی خۆمانە.

## ١ .چەمکی فەتوا لە پێکهاتەی زانستی ئیسلامدا

فەتوا لە شارەستانیەتی ئیسلامدا، تەنیا وڵامدانەوە بە پرسیارێکی شەرعی نییە، بەڵکو کردارێکی مەعریفی و بەرپرسیارییەکی خوایییە، و هەروەها ئەڵقەی پەیوەندی نێوان وەحی و ڕاستی ژیانی مرۆڤە. فەتوا ئەوەیە کە، زانست و خۆپارێزی، کات و فەهم و تێگەیشتن و کۆمەڵگا لە شوێنێکی دیاریکراودا بەیەک دەگەن و حوکمی شەرعی لێ دەردەچێ، حوکمێک کە هەڵێنجرابێت لە نەسسی شەرعی و هەم هاوپەیوەندبێت بە پێداویستی ڕۆژگاری خۆی.

فەتوا، (ناوی چاوگ) و بە واتای دەستوری زانای ئایینی و موفتیە دەربارەی حوکمی شەرعی، وە موفتی (ناوی کار)، بەو کەسە دەگوترێ کە بۆ یەک جار فەتوا بدات. (معین، ۱۳۸۳: ٤٢٦٧) بەو کەسە دەڵێن کە: هێژای فتوادانە. فتوادەر. (روحانی، ۱۳۸۸: ۱۲۹۳) بەڵام لە ڕووی عورفی شەرعیەوە، موفتی بەو کەسە دەگوترێ کە (لە کاروباری دینیدا بۆ خەڵک فەتوا بدات و زانا بێ بە عام و خاس، ناسیخ و مەنسوخ، سوننەت و هەڵێنجان و بۆچوون.) (امامی، ۱۳۹۳: ٥٥) ئیمامی (زرکشی) دەڵێت کە: موفتی کەسێکە کە زانا بێت بە هەموو ئەحکامەکانی شەرعی. (هەمان) لە بنەمای زانستی ئیسلامدا، فەتوا سەرتر لە فێرکاری و گێڕاندنەوەی بابەتەکاندایە. جۆرێکە لە خولقاندنی تێگەیشتنی دینی لە بەستێنی ڕاستیدا. کەسی موفتی، جگە لەوەی کە بۆچوونی زانایانی پێشوو دەگێڕێتەوە، میراتگری عەقڵی ئیجتیهادی ئەوانیشە و خۆشی تەواو پابەندە. ئیجتیهاد، واتە : هەوڵ و تێکۆشانی زانای ئایینییە لە دەرخستنی حوکمی شەرعی.(شوکانی، ۱۹۹۲: ۲۲۰)

لە روانگەی مەعریفیەوە، فەتوا لەسەر سێ بنەما دامەزراوە، نەس، عەقڵ و ڕاستی. نەس وەک سەرچاوە و ژێدەری سەرەکی و پیرۆزە، عەقڵیش ئامرازی تێگەیشتنە و ڕاستی، گۆڕەپانی هاتنەدی حوکمی شەرعییە. دوورکەوتنەوە لە یەکێک لەم سێ بنەمایانە، فەتوا دەخاتە دۆخێکی مەترسیدار و سەخت و هەڵەکاری. هەربۆیە لە مێژووی ئیسلامدا، فەتوا دەدرێتە دەست کەسانێک کە جگە لە زانیاری و زانستی تەواو، دەبێ لە بواری زیرەکی کۆمەڵایەتی و پاڵاوتنی دەروونیش لێهاتووبن.

کاتێک خەڵک لە نێوان حەڵاڵ و حەرامدا، لە نێوان یەقین و شک و گوماندا و هەروەها لە نێوان سوننەتی ئیسلام و نوێگەریدا، سەرسام و سەرلێشێواودەبن، موفتی دەبێتە دەنگی دین لە هەوراز و نشێوەکانی ژیاندا. بۆیە فەتوا، ڕێنیشاندەر و هێمنایەتی ویژدانی کۆمەڵایەتی خەڵکە. لە ڕوانگەی مێژوویییەوە، فەتوادەران لە جیهانی ئیسلامدا لە ناوەندەکانی وەک بەغدا، قاهیرە، دیمەشق و ... ڕێنیشاندەری بەدیهاتنی بزوتنەوەکانی هزری بوون. زۆرێک لە گۆڕانکاریەکانی هزری و مەعریفی لە فەتوادا دەستیان پێکردووە، چونکە فەتوا زمانی زیندووی شەریعەتە.

فەتوا، باڵاترین وێنەی پەیوەندی زانست و بەرپرسیاریەتییە لە ئیسلامدا. زانای ئایینی لەناو واقیعی ژیانی خەڵکدا فەتوایەک دەردەکات. بۆیە لە بنەمای ئیسلامدا، موفتی پێگەیەکی تەشریفاتی نییە، لەڕاستیدا ئەمانەتێکی قورس و ناوەندێکی شارەستانییەت سازە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [Insert], **Issue:** [Insert], **Year:** [Insert], **DOI:** [Insert DOI]
- **Submission Date:** [Insert], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [Insert], **Published Date:** [Insert]

## ٢. گرینگی موفتی

موفتی، بوار خۆشکەری زانیاری خەڵکە لەهەمبەر ئەحکامی دین و هەروەها فەتوای کەسی موفتی دەتوانێ یارمەتیدەری کۆمەڵگا بێت بۆ چارەسەری کێشەکانی دینی و کۆمەڵایەتی خەڵک. ئەم پێگەیە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ پەرە و پاراستنی بنەما و بەهاکانی ئیسلامی. ئەم پێگە لە فیقهی سوننەدا، وەک کلیلی سەرەکی ڕۆڵی هەیە لە ئیدارەدانی ژیانی دینی و کۆمەڵایەتی خەڵک و چاوی کۆمەڵگای بە بەردەوامی لەسەرە.

## ٣. ئەم هۆکارانەی کە وایکردووە مامۆستای مودەڕڕیس لە پێگەی موفتی عێراقدا زۆر سەرکەوتوو بێت

و لە نێوان هەموو زانایانی کورد و عەرەبدا بە چاوی ڕێزەوە سەیری بکرێت، ئەمانەن:

### ٣،١. هزر و ئەندێشەی دینی و شێوەی زانستی

مامۆستا، لە کەسایەتییەکانی بەرچاو و لێهاتووی دینی و زانستی کوردستان و جیهانی ئیسلامە کە لە هزر و ئەندێشەی دینی و هەم لە بواری زانستیدا پلەو شوێنی تایبەتی هەیە. مامۆستا لە ناو حوجرەو خانەقاکانی کوردستاندا و لەسەر ڕێچکەی فیقهی شافیعی پەروەردە بووە. هەرچەند کە زانایەکی شارەزابووە لە هەموو مەزاهیبەکانی ئیسلامی.(میرزایی،١٣٩٦: ٢٢) هەموو بابەتێک لەبەردەم (نەشتەری شیتەڵکاری و لێکۆڵینەوەی بەبڕشتی شارەزایی مامۆستا) چارەسەر دەبوو و سەرجەم گرێ کوێرەکانی زانست و مەعریفەی واڵادەکرد. (موفتی، ٢٠٠٧: ٢١)

ئەندێشەی دینی مامۆستای مودەڕڕیس، لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت دامەزرابوو. بەڕای ئەو، تێگەیشتنی دین لە چوارچێوەی سەرچاوەکانی ڕاست و دروست و سەرەکی ئیسلامی (قورئان و سوننەت)دایە. مامۆستا شوێنکەوتەی مەزهەبی شافیعی‌یە بە ڕۆحیەتی میانەڕەوی. واتای میانەڕەوی مەزهەبی شافیعی، ئەوەیە کە:

٣،١،١. دووربوون لە بیروشکی فیقهی و مەزهەبی: مەزهەبی شافیعی، ڕاو بۆچونی مەزهابەکانی‌تر ڕەدناکاتەوە و ڕێز لەهەموو بۆچونێک دەگرێت. زانایانی شافیعی و بە تایبەتی مامۆستای مودەڕڕیس، ئەم بابەتەیان بە کردەیی لە خۆیاندا جێبەجێ کردووە.

٣،١،٢. سەرنجدان بە ئامانجەکانی شەریعەت: کەلەودا پاراستنی دین، گیان، عەقڵ و ماڵ و کەرامەتی مرۆڤ لەبەرچاو دەگیرێت. فەتوادان دەبێ هۆکاری ئاسانکاری، چاکسازی و عەداڵەت بێ، کە مامۆستای مودەڕڕیس نموونەیەکی لێهاتوویە لە مەزهەبی شافیعیدا.

### ٣،٢. بەربەرەکانی لەگەڵ بیروشکی فیقهی

مامۆستای مودەڕڕیس، وەک زانایەکی گەورە و لێهاتووی کوردستان و عیراق، لە ماوەی دەیان ساڵ ژیانی پڕبەرەکەتی، هەوڵیداوە بە پێی بنەمای شەرعی و دوور لە بیروشکی قەومی و تەنانەت فیقهی کاربکات و وەک کەسایەتیەکی لێهاتوو و متمانە پێکراو بۆ پەرەی هاودڵی نێوان موسوڵمانان هەنگاوی ناوەتەوە. مامۆستا لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە بیروشکی لە دین و زانستدا، دەبێتە هۆکاری ناکۆکی لە نێوان بڕواداران و کۆسپ و لەمپەر لە تێگەیشتن لە دین و شەریعەتی ئیسلام، کە (ئەمە لە نووسراوەکانیدا بەرچاوە) دەبێ بە پێی واقیعی دین ڕەفتار بکرێ.

مامۆستا، زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە لە نێوان زانایانی ئیسلامدا، گفت و گۆی دۆستانە و زانایانە ئەنجام بدرێت. لە زۆر شوێن و لە وتار و نووسراوەکانیدا، بەردەوام داکۆکی کردووە لەسەر یەکڕیزی و ئاڵ و گۆڕی زانستی نێوان زانایان و لە ڕاستیدا، وەک نوێنە و سەرمەشقی تێگەیشتنی هاوبەش و ڕێزگرتن و خۆشەویستی لە نێوان زانایاندا ناسراوە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕ و قەناعەتە بووە کە مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا تووشی زۆر شت دێت و بۆئەوەی کە ببێتە سەرمەشقێکی باش بۆ گەل و نەتەوەی خۆی، دەبێ هەوڵی بێ وچان بدات، هەتا هەمووان لێی بەهرەمەند بن. بە قەولی شێخی سەعدی:

مرد خردمند هنر پیشه را　　　عمر دوبایست در این روزگار

تا ز یکی تجربه آرد به بند　　　وز دگری تجربه آرد به کـــــار

یەکێک لەو بەسەرهاتانەی کە دەرخەری ئەوەیە کە مامۆستا دوور بووە لە بڕیاری بەپەلە، ئەوەیە کە ڕۆژێک دوو پیاوی خانەقینی دەچنە لای مامۆستا و دەڵێن کە ئێمە هەردووکمان کوردین و موسوڵمان و یەکترمان زۆر خۆش دەوێت و بڕیارمان داوە کە لە قیامەتیشا هەر لەگەڵ یەک بین، یەکێکمان سوننە و یەکیشمان شێعەین، لەبەر ڕێزی یەکتر بەڵێنمان داوە کە سوننی لە کاتی نوێژدا دەست نەگرێت و ئەوی‌تریشمان لەدەستنوێژ هەڵگرتنا، قاچەکانی بشوات. مامۆستا پێشوازی لە بڕیارەکەیان دەکات و دەفەرمووێ، کە بۆ لەگەڵ یەک بوون و برایەتی و تەبایی، دەکرێ سوننەت تەرک بکرێت. (میرزایی، ١٣٩٦: ٨٧/ ابوبکر ئاوات، ٢٠٠٦) دەبینین کە زۆر حەکیمانە و بەو پەڕی دلسۆزیەوە و بە وردبینی، (بابەتی دەست گرتن لە نوێژدا کە لە هەیئاتی نوێژە و قاچ شوردن کە لە واجیباتە لە مەزهەبی شافیعیدا)، هانیان دەدات لەسەر عیبادەت و برایەتی و باش دەزانێ، کە دەرگای ڕەحمی خوای گەورە لەسەر کەس داخراونییە و هیدایەت لەدەستی ئەو دایە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/)**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12380]
- **Submission Date:** [2026/1/5], **Accepted Date:** [2026/2/10], **Published Date:** [02/08/2026]

## ٣,٣. ڕۆحیەتی ڕەخنە قبوڵ کردن:

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمە مودەڕڕیس، کاریگەری زۆر و زیادی لە کۆمەڵگای زانستی و دینی کوردستان و عیراق و تەنانەت جیهانی ئیسلامدا هەبووە. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مامۆستا، ڕۆحیەتی ڕەخنە قبوڵ کردن و گوێگرتن بووە بۆ ڕا و بۆچوونی خەڵکانیتر، کە هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە پلە و شوێنی تایبەتی ئەو لە نێوان زانایان و خەڵک بەرچاوتر و زیاتر لەبەر دڵان بێت.

مامۆستا لە ماوەی چالاکی زانستی خۆیدا بەردەوام پێداگر بووە لەسەر گرینگی ئازادی ڕادەربرین و ڕەخنەی بەجێ. پێی وابووە کە زانست لە کەشێکی کراوەدا و بە ڕەخنەگرتن و گفت و گۆ پەرە دەستێنێ. ئەگەر چی ڕەخنە وەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی بوو، بەڵام چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕەخنەگر و ڕەخنەکان زۆر گرینگ بووە. بەردەوام بە هێمنایەتی و بە ئینسافەوە وەڵامی ڕەخنەکانی داوەتەوە. هەروەها ئەو کەسانەی لای ئەو خوێندوویانە، هەمان ڕۆحیەتیان وەرگرتووە. ئەم ڕۆحیەت و هۆکارانەن کە وایکردووە، کە مامۆستا وەک کەسێکی پێشڕەو و کاریگەر لە ناو زانایان و خەڵکدا بێت و فەتواکانی لای هەمووان بە هەند وەردەگیران و کاریان پێدەکرا و خەڵکی کوردستان و عیراق و تەنانەت وڵاتانی ئیسلامی لە کاتە هەستیارەکاندا لە فەتواکانی کەڵکیان وەرگرتووە. (میرزایی، ١٣٩٦: ١١٧) مامەڵەی خەڵک، بەرپرسانیش لەگەڵ تەنانەت فرمان و داواکاری مامۆستا زۆر بەڕێز و حورمەتەوە بووە. بۆ نموونە:

یەکێ لە مامۆستایانی کورد لە بەغدا، گرفتێکی بۆ دێتە پێش لە ئیدارەی ئەوقاف. مامۆستای مودەڕڕیس نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەری ئەوقافی بەغدا دەنووسێ و داوای چارەسەرکردنی گرفتی ئەم مامۆستایەی لێدەکات. کاتێک نامەی مامۆستا دەگاتە دەستی بەڕێوەبەری ئەوقاف، نامەکە ماچ دەکات و یەکسەر کێشەی ئەم مامۆستایە چارەسەر دەکات.(میرزایی، ١٣٥) ئەمە نموونەیەکە لە ڕێزگرتنی مامۆستا بە هۆی پلەو پایەی زانستی و عیرفانی ئەو لەبەغداد.

لە ٥ی مانگی مەولودی ساڵی ١٤٠٤ی کۆچی، مامۆستا شێخ ڕەئوفی نەقشبەندی بێژوەیی نامەیەکی بە پێز و ڕەخنە ئامێز، لەوپەڕی ئەدەب و ئیخلاس و سەداقەت بۆ مامۆستای مودەڕڕیس دەنێرێت و مەبەست و گلەیی خۆی ئاراستە دەکات، لەسەر بابەتێکی هەڵە لە کتێبی (یادی مەردان) و جەنابی مامۆستای مەدەڕڕیسیش، بە وەڵامێکی گەرم و هێدی و پڕ لە محەبەت و خۆشەویستییەوە، گلەیی و گازندەی مامۆستای بێژوێ قبوڵ دەکات و دان بەو هەڵەی دادەنێ و هۆکارەکەش باس دەکات.

(لێرەدا ئەوەی کە جێی سەرنجە و بۆتە هۆی ڕەخنە و گلەیی من لە مامۆستا ئەمەیە: کە جەنابتان لەبیرتان چۆتەوە، وە ماشاءالله لەبەر پڕکاری بە علم و دینداری یەکسەرە فەرامۆشت فەرمووە، ئەمە کە چەند ساڵ لەوەوپێش هاتمە خزمەتت، فۆتۆکۆپی ئیجازەنامەی شێخی سراج الدین (قدس سره) بۆ شێخ ئەحمەد کە (باوکی باپیرە یا باپیری باوکی) کە ئەم دوو ڕستە موتەعاکیسە یەک مانا ئەدەن؛ وە هەروەها ئیجازەنامەی شێخی ضیاءالدین بۆ شێخ ئەمین کوڕی شێخ ئەحمەدی ناوبراو، بە چەندەها کوێرەوەری و زەحمەت بۆم هێنای، کە لە پێشا بەهۆی مەلا ئەحمەد مەلا صالح لە سلێمانییەوە بۆم ڕەوانە کردی. دوای پێنج شەش ڕۆژ کە خۆشم هاتمە خزمەتت، وە پێکەوە ئیجازەنامەکانمان خوێندەوە هەتا بۆ بیرەوەری جەرەیان، ئەوەم لەبیرماوە کە لەپێشا عەرزم کردی، کەلیمەیەک لە ئیجازەنامەکەی شێخ ئەمیندا هەیە چاک مانای لێ وەرناگرم، فەرمووت ئادەی کامەیە با بیخوێنینەوە. کاتێ کە خوێندمەوە جێگایەکم عەرز کردی؛ فەرمووت سەیرە لەپێشا خوێندوومەتەوە، چ ئیشکالێکم تیدا نەدی ئەوە چ بوو ئەو گرێیەی لێ پەیدا بوو.

کاتێ لە پاشبەندی ناو کتێبەکەدا ویستوتە ئیجازەنامەکەی شێخ ئەحمەد بنووسی، لێت گومبووە بیدەی بە کێ، مامۆستا دەستی کردووە بە تەئویل و ئیجتهاد، عاقیبەت بەمل مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی دائەدا. چونکە لەبنڕا لە بوون و ژیانی مەلا ئەحمەدی سەراوی بێ ئاگابووە کە ئەویش بە کورتی و بە کوردی هاوولاتی خۆتە و خەڵکی شارەزوورە. دەربارەی خەلافەت نامەکەی شێخ ئەمینی بێژوێ( باپیری مامۆستا شێخ ڕەئوفە، کە شێخی ضیاء الدینی بیارە خەلافەت نامەی پێداوە)، چونکە ئەوەت لە بیرنەماوە کە من بە خزمەتم گەیاندووی و خستوتە مەیدانی ئیبهام و ئیحتیمالەوە. تا ئاخری بە شک و گومانەوە لە بەینی سێ ناو ئەمیندا، وە شێخ ئەمینت داوەتەوە. بەهەر حاڵ لەبارەی شێخ ئەمین ماڵت ئاوا، بەڵام بۆ شوێن ڕەوی لە ئایەتی (إن الله یأمرکم أن تودوا الامانات إلی أهلها) نساء/٥٨، بۆوەی کلیلەی مەقصود بگاتەوە دەست ئەهلی خۆی، لە پەراوێزی کتێبەکەدا بۆ بەسەرگرتنەوەی ئەم مەبەستە، تکایە تێبینیەک بنووسی و ئیشارەتێک بفەرمووی لە بارەی ئیجازەنامەکەی شێخ ئەحمەدی سەراوی.

مامۆستای مودەڕیس، لە ١ی مانگی ڕەجەب ١٤٠٤دا، وەڵامی نامەی مامۆستا شێخ ڕەئوف دەداتەوە و دەفەرمووێ: (بەو عیتابانەی اظهارتان فەرمووە، بلاجدال اعترافیان پێ ئەکەم. باوەڕم پێ بفەرموو ناردنی یادی مەردان بەرگی دوو بە جۆرێ بوو، بەعەلاوەی پیری و دڵ گیری خۆم لە بازێ کار وەکوو غائلەی وەفاتی عائیلەوە ئەم موهمە فەرامۆش بکەم... ئەگەر خوای مهرەبان مجالی پێدام انشاءالله هەر چۆن بێ تدارکی ئەو قصورانە ئەکەمەوە.)(پەیرەو، ٢٠٠٣: ٤٠-٣٩)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [Insert], **Issue:** [Insert], **Year:** [Insert], **DOI:** [Insert DOI]
- **Submission Date:** [Insert], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [Insert], **Published Date:** [Insert]

ئەمەیە ڕۆحیەتی ڕەخنە قبوڵ کردن لای مامۆستای مودەڕڕیس، کە هەر شایانی کەسایەتی بەرزی خۆیەتی و وایکردووە کە لەهەر بابەتێ فەتوا بدات، یەکسەر هەمووان بە بێ دوودڵی کاریان پێکردووە

### ٤,٣. پەرەپێدانی شێوازی تازە لە فێرکاری دینی و عیرفانی

فێرکاری دین و عیرفان، بە تایبەتی لە کوردستان لەسەر بنەما و شێوازی کۆن بوو. لەوەها کەشێکدا ئەو زانایانەی کە ویستوویانە، شێوازێکی زانستی عەقڵانی و بابەتەکانی سەرەکی بۆ فێرکاری بابەتی دین دابمەزرێنن، گرینگی تایبەتی هەبووە. مامۆستا لەو زانایانەیە کە بە لێهاتوویی و بە کردەیی بۆ پەرەی شێوازەکانی زانستی هەوڵی داوە. ئەو بە جۆرە شێوازێکی مەعریفی، هەوڵیداوە کە خوێندکار چییەتی و هۆکاری ئەحکام و بابەتەکانی عیرفانی فێرببێت و لە عەقڵ، وەک ئامرازی تێگەیشتن باشتر بەهرە وەربگرێت.


مامۆستا، بابەتی یادداشت هەڵگرتنی بە بابەتێکی گرینگ دەزانی کە ئەمڕۆ لە ناوەندەکانی زانستی و ئەکادیمیدا لە بواری توێژینەوە، وەک فیش هەڵگرتن گرینگە. (فیاضی، ١٣٨٢:٣٣/ میرزایی، ١٣٩٦: ٤٩) مامۆستا زۆربەی بابەتەکانی لە چەندین ناوچە و شوێنی جیاواز خستوتە سەر تینووس و لە ئەنجامدا وەک پەرتووکێک لەچاپ دراوە. (هەمان)

لە بابەتەکانی گرینگی پەرەی شێوازی زانستی مامۆستا، گۆڕانکاری بووە لە شێوازی وانە وتنەوە. هەوڵیداوە کە خوێندکار بەردەوام پرسیار بکات و لە شوێنی خۆی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێز و ئەدەب، ڕەخنە لە بۆچوونەکان بگرن و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن و هەل و مەرجی کات و شوێن لە تێگەیشتنی بابەتەکان لەبەرچاو بگرن.

لە خاڵەکانی شیاوی سەرنجی مامۆستا، ئەوە بووە کە تێگەیشتن و سەرنجی تایبەتی هەبووە بۆ کولتووری خۆمانە لە فێرکاری و پەروەدەی خوێندکاران، چونکە پێی وابوو بابەتەکانی زانستی، شەرعی و عیرفانی بە زمان و ئەدەبیاتی خۆمانە باشتر دەخزێتە ناو دڵەکان و ئەم بابەتەی بۆ خوێندکارانی غەیرە کوردیش گوازتۆتەوە و گرینگی داوە بە ئەدەبیات و کولتووری ئەوانیش.

## ٤. کێشە و بەرەکانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و ڕۆڵی مامۆستا لەوبارەوە:

٤,١. قەیرانی شوناس و مەعنا : شوناس لە بەشی دیندا، تانیا بە پەیوەندی قەومی و نەتەوەیی بەندنییە، بەڵکو بریتییە لە بنەچەی مەعنەوی، باوەڕی دینی و مەزهەبی و لێکدانەوەی مرۆڤ لە پلەوشوێنی تاکە کەسی خۆی لەم جیهانەدا. کاتێک کۆمەڵگا توشی قەیرانی بێسەروبەرەیی و ناتەبایی لە تێگەیشتن و فەهمی دین دەبێت، ئیتر قەیرانی مەعنا بەدی دێت. ئەزمونی تاڵ لە ماوەی


بسم الله الرحمن الرحیم


شاهی دڵ وشاهی گڵ لەم گێتیە تۆراوە = ١٣ ١٣ =
دوو سێزدە لەکن یەک بوون بۆیە لەمە قەوماوە
شێخ ضیاء الدین زۆر دەرسی لەلا خوێندووە بەم بۆنەوە لەگەڵ ڕێز واحترام
هەر بە مامۆستای ناوبردووە ئەمەنامەیەکی شێخی ضیاء الدینە بۆیە
لگە بۆم ناردی . ـ بەڵام بیاوی چابە مامۆستا ئەمیشت لە بیرنەچێ
تەوە بچی بی دەی بە مەلائەحمەدی شاوەری و ادیادە مامۆستا هەستی
کە دەمی فەرموانە ~~....~~ شاعیرئەفەرموێ :
اگر بخشیم ما چیزی زمال خویش بی تشییم نه چون حافظ که می بخشد سمرقند و بخارا را
دوبارە مامۆستا خەلاتەت نامەکەی شێخ ئەمیشی چونکە ئەوەت
لەبیرنەماوەتەوە کە من بەخزمەتم گەیاندووی خستوتەمەیدانی
ابهام واحتمالەوە . تا ئاخری بەشک و ئیشکالەوەلەبەینی سێ ناو ئەمین
داوە شێخەمینت داوەتەوە . بەهەرحاڵ لە بارەی شێخە مین دا
ماڵت ئاوابە لام بۆشوێن پەوی لە ئایەتی « انَّ اللّٰه یأمُرکُم أنْ تؤدُّوا
الأماناتِ ألی أهلِها » بۆوەی کلیلەی کەعبەی مەقصود بگاتەوە دەست
ئەهلی خۆی لە پەراوێزی کتێبەکەدا بۆ بەسەرگرتنەوەی ئەم مەبەستە
تکایەتێ بینیەک بنوسی . وە ئیشارەتێک بفەرموی لەبارەی ئیجازە
نامەکەی شێخ ئەحمەدی سەراوێ . ——
ئیتر بە سوپاسە وەغولا لە دێی بیژوی عبدالرؤوف النقشبندی
٥/ ڕەبیع ١ – ١٤٠٤

وێنەی نامەی دەستنووسی م.شێخ ڕەئوفی نەقشبەندی (ل٥، کۆتایی نامە) و وەڵامنامەی مامۆستای مودەڕڕیس

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/)**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12380]
- **Submission Date:** [2026/1/5], **Accepted Date:** [2026/2/10], **Published Date:** [02/08/2026]

دەیان ساڵ لە کوردستان و عێراق، کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی دینی خەڵک و لەوەها هەل و مەرجێکدا، خەڵک وەک پەناگەی مەعنەوی لە دین بەهرە وەردەگرن. بەڵام بێتوو دین توشی کێشە ببێتەوە و گیرۆدەی سیاسەت بێت، ئیتر شوناس و واتای دینی لاواز دەبێت. لەو دۆخەدا و لەوماوەی کە، جەنابی مامۆستا لە بەغدا مایەوە، هەتا دوا ساتەکانی ژیانی پارێزەری دین بووە و هەوڵیداوە کە موسوڵمانان پابەندی دین و مەزهەب بن و دین تێکەڵاوی هیچ شتێتر نەکەن.

لەگەڵ سەرنجدان بەو دۆخەی کە عێراق وڵاتێکی چەند مەزهەبیە؛ سوننە، شێعە و کوردی سوننە و شێعە، ئێزیدی، مەسیحی و کەمینەکانیتر، مامۆستا ئەرک و بەرپرسیاریەتی خۆی وەک زانایەکی کورد و لە پێگەی موفتیدا، لە هەمبەر دین و مەزهەبی شافیعی ئەنجامداوە و نەیهێشتووە کە بە گشتی خەڵک توشی قەیرانی شوناسی دینی ببن.

شوناسی دینی، رەگ و ریشەی لە سروشتی مرۆڤدا داکوتاوە و بە گەشەی ئەو دەکرێ ئەنجامی ئەرێنی لە رووی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی هەبێت. (اکبری، ١٣٨٧: ٢٢٤) لە راستیدا، شوناسی دینی قوتابخانەیەکی ئینسانساز و خۆپەروەریە.


٤,٢. پەرەسەندنی بشێوی بڕوایی: پەروەردەبوونی ئیعتیقادی و بڕوایی، وەک یەکێک لە بابەتە هەرەگرینگەکانی پەروەدەی دینی، زۆر گرینگە. لە کێشەکانی گرینگ لەڕووی پەروەدەی دین و بروای کۆمەڵگا، هەبوونی بشێوی بڕوایە کە دژبەرانی دین بەردەوام لە هەوڵی چەسپاندنیدان. (عزیزی، ١٤٠٣: ٢٥٦) پەروەردەی دینی، بریتییە لە پەروەردەیەکی وەرگیراو لە ئامۆژەکانی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام، بە مەبەستی پەروەردەی مرۆڤی دیندار کە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری گرینگە. (هەمان، ٢٥٨)

بشێوی بڕوایی، دەرهاویشتەی خراپی هەیە، وەک کەم بوونەوەی مەعنەویات، زیادبوون و هەڵکشانی پشت گوێ خستنی دین و لاوازی یەکریزی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی قەیرانی شوناس. مامۆستای مودەڕیس بە هەست کردن بەم بابەتە، هەوڵی داوە کە خەڵک لەسەر راستە شەقامی دین لانەدەن و توشی بشێوی عەقیدە نەبن. تەنانەت لە گرتەیەکی ویدۆییدا دەفەرمووێ، کە بێتوو دەستان بە مورشید نەگات، هاوڕێیەتی کەسە باشەکان بکەن. لەبەر ئەوە ئەمەی فەرمووە، هەتا توشی ئاڵۆزی لە دین و عەقیدە نەبن. هیچ کات بڕوا و عەقیدەی خۆی نەشاردۆتەوە و لە هەمبەر زیندووکردنەوەی هزر و ئەندێشەکانی هاوتەریبی خۆی، بەردەوام چالاکی نواندووە. (میرزایی، ٢٨)


مامۆستا، رۆژانە چەندین دانیشتن و کۆبونەوەی لەگەڵ زانایان و ئەدیبان، خەڵکی ئاسایی و میوانانی وڵاتانی ئێران، تورکیا، میسر و ... ، ئەنجامداوە و هەوڵیداوە کە پەروەدەی جیلێکی بەتواناو پابەند بە دین و عەقیدەی پاک بکات و مەجلیسەکانی سەراسەر پەند و ئامۆژگاری بووە. (هەمان، ١٣٦) هەروەها وەڵامی نامەی زانایانی داوەتەوە کە لە هەر بابەتێکدا داوای را و بۆچوونی ئەویان کردبێت، بۆ نموونە:

یەکێک لەو بابەتانەی کە بە جۆرێک، بە تایبەتی لە ئێستادا بۆتە هۆی بشێوی بڕوا و باوەڕی موسوڵمانان، بابەتی (احضار ألارواح) رۆح هێنانەوە، واتە بانگ کردنی رۆحی مردوان لە لایەن کەسانێکەوە خۆ لەم بابەتە دەدەن. (معین، ٦٤) لە بەرواری ١٩٩٧/١٠/١ی زایینی، م. شێخ رەئوف لە سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان، نامەیەک دەنێرێتە خزمەتی مامۆستای مودەڕیس و راوەرگری و ئیستیفتای لێدەکات لە هەمبەر ئەو بابەتە: (...کما و أنی زاحمتكم ايضا فی رسالة أخرى حول ألسوال عن مسئلة إحضار ألارواح ألمتداولة بين الناس. هل هو برئيكم وسواس الخناس أم له مقياس و نبراس، فلسفة أو سفسطة، إلباس او التباس، سحر او هفوة من الهفوات. شعوذة او شعبة من الخرافات؟!)

مامۆستا وەڵامی بۆ دەنێرێتەوە، لە کاتێکدا کە توشی نابینایی هاتبوو. بەم شێوە: (بسم الله الر حمن الرحيم السيد فضيلة الشيخ محمد رووف المحترم. أنی مريض و مبتلى بفقد حاسة بصر منذ ثلاثة اشهر، فلا أقدر على ألكتابة. أما الجواب، فهو ان إحضار الأرواح المشهور انما هذا القياس و اكتفاء بالاوهام أو إتصال ببعض الارواح الخبيثه فی مستوى حقير. و اما خطائی فی ما قلتم فلكم التصحيح. عبدالكريم ١٩٩٧/١٠/١٣)


هل هو برئيكم وسواس الخناس أم له مقياس و نبراس، فلسفة أو سفسطة، إلباس والتباس
سحر او هفوة من الهفوات، شعوذة أو شعبة من الخرافات ؟؟!!
هذا وفی الختام، المأمول ان تنظروا الوكتی هذا بنظر القبول، ولا تعدوها من الفضول
كفاها أنها تحلت منكم بالاسماء، واعربت عما استكنه فی الضمير من الوفاء والولاء
وان القريحة الكردية بحبك قد تعربت ها هی قد اقبلت على استحياء، فحقيق ان تغضوا
عن كل عيب فی الاثناء.
والسلام عليكم وقلبی لديكم — داعيك وفاديك وشاكر اياديك.
نقشبندی عبدالرئوف
1997/10/1م

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [Insert], **Issue:** [Insert], **Year:** [Insert], **DOI:** [Insert DOI]
- **Submission Date:** [Insert], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [Insert], **Published Date:** [Insert]


بسم الله الرحمن الرحيم

السيد فضيلة الشيخ محمد رؤوف

المحترم

وێنەی دەستنووسی نامەی م شێخ ڕەئوف (ل٢) و وەڵامنامەی مامۆستای مودەڕڕیس

## . ڕۆڵی مامۆستا لە بزوتنەوەی هزری و مەعریفی

**٥,١. پەرە پێدانی پەیوەندی نێوان زانایانی کورد و عەرەب :** مامۆستا، ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لە پەرەپێدان و ڕێک و پێککردنی پەیوەندی زانستی نیوان زانایانی کورد و عەرەب لە عیراق و جیهانی ئیسلامدا. بە هۆی ئەوە کە مامۆستا زانایەکی لێهاتوو و موفتی عیراق بووە، لە ڕووی دینی و زانستی لە سەراسەری کوردستان و عیراق قسەی دەرۆیشت و ڕێزی لێدەگیرا. لە سەردەمێکدا کە سنوورەکانی سیاسی تازە، پەیوەندی لەمێژینەی زانایانی کەم کردبوویەوە، مامۆستا هەوڵیدا کە تۆڕێکی زانستی لە گەلی کورد و غەیری کورد پێک بێنێ و لەو بارەوە هەوڵی گرینگی داوە، وەک:

5.1.1. ئاڵ و گۆڕی زانستی و پەروەردەی قوتابیان، لایەنگری لە خوێندکارانی کورد و وەرگرتنیان لە ناوەندەکانی زانستی عیراق، بە تایبەتی لە بەغدا، وە هاندانی قوتابی و فێرخوازانی عەرەب بۆ کەڵک وەرگرتن لە شێوازەکانی فێرکاری لە حوجرەکانی کوردستان و بەدیهاتنی جۆرێک لە زنجیرەی مامۆستا و قوتابی هاوبەش لە نێوان کورد و عەرەب.

5.1.2. گفت و گۆ و پەیوەندی هزری لەگەڵ زانایان: مامۆستا بە شێوەی بەردەوام لەگەڵ زانایانی ناوداری کورد و عەرەب لە ڕێگەی ئاڵ و گۆڕی نامەو هەروەها گفت و گۆ لەبارەی بابەتەکانی فیقهی، کۆمەڵایەتی و دۆخی کورد لە هەل و مەرجی سیاسی ئەو کات و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی ناکۆکیەکان و لەیەک نزیک-بوونەوەی فیقهی و هزری، لە پەیوەندیدا بووە.

5.1.3. پەرەی شوناسی هاوبەشی کوردەکان: مامۆستا لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە کورد بەدەر لە سنوورەکانی سیاسی، خاوەنی زمان و مەزهەب و داخوازیەکانی کۆمەڵایەتی هاوبەشن. لەگەڵ پێداگری و جەخت کردنی لەسەر ئەو هاوبەشیانە، یارمەتیدەر بووە بۆ پەرەسەندنی شوناسی زانستی ـ ئایینی کوردستان لە سەراسەری عیراق و جیهاندا.

## 5.2. پێگەیاندن و پەروەردەکردنی جیلێکی تازەی زانایان

لە هەرە گرینگترین و بمێنترین کار و چالاکیەکانی مامۆستا لە مێژووی هاوچەرخ لە زانستی ئایینی لە کوردستان و عیراق، پەروەردەکردنی جیلێکی تازەی زانایان بووە بۆ داهاتووی گەلی موسوڵمان. مامۆستا نەتەنیا وەک وانەبێژ و موفتی عیراق، بەڵکو وەک ڕاهێنەرێکی زانا و دڵسۆز، خەمی بەرپرسیاریەتی پەروەردەکردنی کەسانێکی لێهاتووی بۆ داهاتووی ئیسلام و کوردستان هەبووە. مامۆستا بەرنامەو شێوازی پەروەردەیی سەربەخۆی هەبووە. (موفتی، ٢٠٠٧: ٥٤) تێڕوانینی ئەو هەمەلایەنە بووە و وردە وردە بۆ پەروەردەکردنی زانای بەرپرس هەوڵی بێوچانی داوە. لە تایبەتمەندیەکانی پەروەردەیی مامۆستا، دەکرێ ئاماژە بکەینە ئەم خاڵانە:

5.2.1. مامۆستا لەسەر ئەو باوەڕە بووە، کە زانستی دینی بە پاڵاوتنی دەروون، خۆبەکەمگری، ئیخلاس و بەرپرسیاریەتی دەکرێ سود و قازانجی هەبێ. بۆیە قوتابیانی لەسەر ئەوە ڕادەهێنا کە لەگەڵ ڕەوشت بەرزی، ئەدەب و ڕێزگرتن لە خەڵک و زانایان فێرببن. هەڵسوکەوتی خۆشی باشترین سەرمەشق و وێنە بووە بۆ قوتابیەکانی.

5.2.2. دووهەم بنەمای سەرەکی پەروەردەی جیلی تازەی زانایان لای مامۆستا، بێ کەم و کوڕی زانستی بووە. مامۆستا قوتابیەکانی هاندەدا بۆ فێربوونی زانستەکانی ئیسلامی بە تەواوەتی و لە هەمان حاڵیشدا، مێژوو و بابەتەکانی ڕۆژ و ڕاستیەکانی کۆمەڵگا و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە زانای ئایینی، دەبێ زۆر بە باشی لە دونیای ڕۆژ تێبگات، هەتا بتوانێ وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی هزری و ئایینی خەڵک بێت.

5.2.3. سێهەم خاڵی گرینگ، پەرەی ڕۆحیەتی سەربەخۆیی هزری و ئیجتیهادی بووە و قوتابیەکانی لەسەر ئەوە ڕانەهێناوە کە


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/)**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12380]
- **Submission Date:** [2026/1/5], **Accepted Date:** [2026/2/10], **Published Date:** [02/08/2026]

تەنیا چاولێکەربن، بەڵکو ئەوانی بە پرسیارکردن، گفت و گۆی زانستی، بەڵگە هێنانەوە و سەرەتا سەرنجدان بە بۆچوونی زانایانی فیقهی شافیعی و دواتریش ئاگاداربوونیان لە هەر سێ مەزهەب بۆ کاتی پێویست ڕادەهێنا، کە ئەمە وایکردبوو کە هەرکام لە قوتابیەکانی، ئەمڕۆ لە زانایان و فەتوادەرانی لێهاتووی کۆمەڵگای موسوڵمانان و کوردستان بن کە دەتوانن ئاڵ و گۆڕی بابەتە نوێ یەکانی کۆمەڵگا، لە ڕووی زانستی و ئایینی بە باشی ئەنجام بدەن. قوتابیانی وەکوو: مامۆستا شێخ محسن موفتی، د. عوسمان هەڵەبجەیی، د، حەسەن موفتی، د، عیرفان ڕەشید، د. محەممەد شەشۆیی، شێخ محەممەد عەلی قەرەداغی، عەبدوڵڕەزا عەبدولمەلک ئەلسەعدی، عەبدولعەلیم عەبدولمەلک ئەلسەعدی، مەلا مەحمودی مودەڕڕیسی نگڵ، مەلا ئەسەدوڵڵای تاڵش، شێخ ئەحمەدی سەردەشتی (میرزایی، ١٣٩٦: ٢٧ـ ٢٦) و دەیان مامۆستایتر کە هەرکامیان چرایەکی گەشاوەی دیوەخانی زانست و مەعریفەتن.

بۆ نمونە، کۆمەڵێک لە قوتابیابی مامۆستا کە ئێستا ئەندامن لە ئەنجومانی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان، لە ١٤ی شەعبانی ١٤٤٧ی کۆچی، واتە ڕێبەندانی ٢٧٢٥ی کوردی، فەتوای (سەفەرکردنی ئافرەت بۆ حەج و عومرە بە بێ مەحڕەم)یان دەرکرد لەسەر بنەمای فیقهی شافیعی و بۆچوونی زانایانی فیقهی حەنەفی، مالیکی و حەنبەلیشی تێدا روون کراوەتەوە.

## 6. ڕۆڵی مامۆستای مودەڕڕیس وەک سەرچاوەی سەرەکی و چاردۆز لە پێگەی موفتی عێراق

عیراق لە ڕووی فیقهی و مەزهەبیەوە، دۆخێکی چەند لایەنی هەبووە و هەیە. هەبوونی دوو مەزهەبی سوننە و شێعە و جیاوازی قەومی کورد و عەڕەب، گۆڕانکاری سیاسی و لاوازبوونی ناوەندەکانی دینی. لەوەها دۆخێکدا، ڕۆڵی چاردۆزی و کارسازی لە پێگەی موفتیدا، پلە و شوێنی کۆمەڵایەتی ـ زانستی بوو کە متمانەی گشتی، بەهای زانستی و ئەڵقەی پەیوەندی زانایانی لە خۆیدا دەبینی کە مامۆستای مودەڕڕیس، ئەم ڕۆڵەی دەگێڕا.

مامۆستا، وەک لێهاتووترین زانای سەردەم، موفتی و موجتەهید بووە و ببوو بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ زانایان و هەمووان فەتواکانی ئەویان جێبەجێ دەکرد. ئەو وەک زانایەکی کوردی شافیعی مەزهەب و نەقشبەندی مەشڕەب، لەگەڵ پابەندبوونی بە بنەماکانی شەرعی، توانایی هەڵسەنگاندنی حوکمەکانی شەرعی لەگەڵ بابەتەکانی تازە و نوێگەری کۆمەڵگای ئیسلامی عیراق هەبوو و تۆزقاڵێک لە شەریعەت و مەزهەبی شافیعی لای نەداوە. ئەو تایبەتمەندیە بوو بە هۆی ئەوە کە فەتواکانی لە لایەن هەمووان قبوڵ بکرێت و کاری پێ بکرێ.

مامۆستا، بە تەنیا مەدرەسەیەکی سەربەخۆ بوو و سەرچاوەی عیشق و ئەوینی حەقیقی بوو و هەموو زانستێک لەودا ڕەنگی دابوویەوە. (موفتی، ٢٩٩٧: ٥٤) یەکێکیتــر لە تایبەتمەندیەکانی مامۆستا، ڕۆڵی یەکگری و یەکخستنی کۆمەڵگا بوو. ئەو لەبەر ئەوەی کە دەیان ساڵ لە بەغدا و ناوچەکانی کوردستاندا، لەگەڵ زانایان لە پەیوەندیدا بوو و زۆر قوتابی و فێرخوازی ئایینی، لە کورد و عەرەب و غەیری ئەوانیش، لای ئەو پەروەردە بوون، ببوو بە هۆی ئەوە کە فەتواکانی ئەو لە هەموو کوردستان، عیراق و جیهانی ئیسلامدا بڵاو ببنەوە و جۆرێک هزری هاوبەش لە نێوان زانایان بەدی بێت. مامۆستا بوو بە سەرچاوەی فەتوا و لای کورد و غەیری کورد ڕێزی دەگیرا و ببوو بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ناوەندەکانی زانستی کوردستان و بەغدا و وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆڵێکی وەهای دەگێڕا کە بە بێ ئەو فەتوا لە عێراق تووشی ناکۆکی دەهات و بە کورتی مامۆستا، وەک بڕبڕەی پشتی فەتوای هاوچەرخ لە عێراقدا وابوو.

## 7. مامۆستای مودەڕڕیس و ڕۆڵی مەعریفەتی ئەو لە فەتوادان

دەکرێ ڕۆڵ و کارکردی مەعریفەتی فەتوا لای مامۆستای مودەڕڕیس، لە چوارچێوەی تێڕوانینی ئەو بە فیقهی ئیسلامی وەک زانستێکی زیندوو، کە پەیوەندی بە گەلێ بابەتەوە هەیە، بزانین و تێبگەین. لە نیگای مامۆستا، فەتوا تەنیا حوکمی شەرعی دامەزراو و نەگۆڕ نییە، بەڵکو کردەیەکی مەعریفەتیە، کە لەودا موفتی و زانای ئایینی بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی دینی، عەقڵی ئیجتیهادی و ئاگاداربوون لە واقیعی ناو کۆمەڵگا، بۆچوونەکانی دەردەبڕێت. لە لایەکیتر، لە ڕوانگەی مامۆستاوە، فەتوا چوارچێوەیەکە کە بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دینی و پێی وابووە کە فەتوا، کاتێک لای خەڵک بەهای خۆی دەبێت و کاری پێدەکرێت، کە بەدی هاتبێ لە ئیجتیهادێکی زانستیانە. ئیجتیهاد، بە کۆدەنگی مەزهەبەکانی ئیسلامی، واجیبی کیفاییـیە و جاری وایە واجیب و زەرووره. (امامی، ١٣٩٦: ١٢٠)

7.1. فەتوا، ئامرازی ڕێنوێنی هزری : لەو ڕوانگەوە، فەتوا ڕۆڵی مەعریفەتی هەیە. یانی تێگەیشتنی دینی خەڵک ڕێکدەخات و هزر و ئەندێشەی خەڵکی دەبوژێنێتەوە. فەتوا وەک ئامرازی ڕێنوێنی هزری، بابەتەکان ڕوون دەکاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە لە ڕوبەڕووبون لەگەڵ بابەتەکانی تازە و نوێی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی، چۆن بە شێوەیەکی عەقڵانی و دینی بیر بکرێتەوە. کەواتە، فەتوا بەم شێوەیە، ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لەگەڵ ئەحکامی ئیسلامی و زیادکردنی پلەی تێگەیشتنی خەڵکە و هەروەها لێکدانەوە و شیکاری بابەتەکانە لە ڕێگەی ئیجتیهاد و بەهرەوەرگرتن لە سەرچاوەکانی دینی.

7.2. شیکاری و ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی لەسەر بنەمای فیقهی و سەرچاوەکانی متمانە پێکراو، ڕوانگەی مامۆستای مودەڕڕیسە. لەناو بەرهەم و نووسراوەکانی مامۆستادا، زور فەتوا و ڕوونکراوەی شەرعی تێدایە، کە لای خەڵک بوونەتە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو. بۆ نموونە، لە کتێبی شەریعەتی ئیسلامدا، مامۆستا فەتوای داوە کە چوون بەدەم بانگهێشتنامەی شایی و ژن گواستنەوە، واجبە. بەڵام مامۆستا سێزدە مەرج و مانیعی باس لێکردووە کە بێتوو یەکێک لەو مەرجانە نەبوو، ئیتر نابێ بچیتە ناو ئەم مەجلیسی ژن گواستنەوە و نە واجبە و نە سوننەت. (مدرس، ١٣٩٥: ٣٩٨)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [Insert], **Issue:** [Insert], **Year:** [Insert], **DOI:** [Insert DOI]
- **Submission Date:** [Insert], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [Insert], **Published Date:** [Insert]

7.3. مامۆستا لە ماوەی تەمەنی خۆیدا، دەیان ساڵ لە حوجرەکاندا، وانەی فیقە و زانستەکانی ئیسلامی گوتۆتەوە و چەندین کتێب و نووسراوەشی لەوبارەوە هەیە. ئەمە خۆی فەتوا لەم بەستێنەدا بە شێوەی فێرکاری و مەعریفی دەردەخات. فەتوا لای مامۆستا، پەیوەندی بە زانستی دین و ژیانی خەڵکەوە هەیە. ئەم ڕۆڵە مەعریفیەی ئەو، لەوە دەردەکەوێت کە فەتوا، ڕا و بۆچوونی زانایەکە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دینی، وە دەبێ لە وەڵامدانەوەدا، کات و شوێن و هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی خەڵک لەبەرچاو بگیرێت. ئەندازەی گووتن و شیکردنەوەی ئەحکام لە ڕوانگەی زانایانی سوننە، عورف و پێداویستیەکانە بە پێی کات و شوێن. (امامی، ۱۳۹۳: ۵۵)

7.4. گرینگی و پێویستی فەتواکانی مامۆستا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دۆخی هەستیار

یەک لەو گرینگیانە، پاراستنی یاسا و بنەماکانی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامە. مامۆستا، هەر ڕا و بۆچونێک و فەتوایەکی دابێت، لە هەوڵی پاراستنی بنەماکانی سەرەکی دین و فیقهی شافیعی بووە و لەو پێناوەشدا سڵی لە هیچ شتێ نەکردووە و بەلایەوە گرینگ نەبووە کە چی لەسەر دەگوترێ و چی بەسەر دێت. بۆ نموونە:

7.4.1. سەدام حوسێن، سەرۆک کۆماری ئەو کاتی عێراق، لە سەردەمی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، وەفدێک دەنێرێتە لای مامۆستا، وەک موفتی عێراق، هەتا فەتوایەکی بۆ دەربکات کە سەرجەم مەوقوفاتی عێراق لە شەڕی دژ بە ئێران خەرج بکات. مامۆستا، زۆر زانایانە، نەترسانە و بەرپرسیارانە و بۆ پاراستنی شەعائیری دین، بەم شێوە وەڵامیان دەداتەوە: (قولوا لرئيس الجمهوريه، أنهم عرب و العرب بالطبع يعرف لغتهم و الوقف في اللغة العربية بمعنى السكون.) أي: لا يتحرک من حال إلى حال. (میرزایی، ۱۳۹٦: ۱۳٤)

مامۆستا، لە ساڵی (۱۹۷٦ز) هەتا (۱۹۸۸ز) هاوکاری هەبووە لەگەڵ گۆڤاری (التربية الاسلامية) و ۷۱ فتوای مامۆستا لە ۲۹ بابەتی جیاوازدا، لەو گۆڤارەدا چاپ کراوە. فەتواکانی مامۆستا هاوپەیوەندن بە بابەتەکانی قورئانی، تەفسیری، عەقیدەتی، ئەحکام و ... ، هەوڵ و ئۆگرایەتی مامۆستا نیشان دەدات سەبارەت بە چاکسازی کۆمەڵگا. مامۆستا لەو فەتوایانەدا کە لە وەڵامی پرسیارەکانی لە ناوخۆی عێراق و وڵاتانی ئیسلامی بۆ هاتبوو، بە پێی مەزهەبی شافیعی شیکاری کردووە و فەتوای داوە.

لەسەرەتای فەتواکاندا، ئەم دەستەواژە نووسراوە : (وردتنا الأسئلة التالية إلى إدارة ألمجلة و قد تفضل بألإجابة عليها سماحة الشيخ عبدالكريم المدرس في الحضرة ألقادرية و رئيس جمعية رابطة ألعلماء، جزاه الله خيرا.) نموویەک لەو فەتوایانەی کە لەو گۆڤارەدا چاپ کراون : حكم مصافحة المرأة الأجنبية، حكم التلقيح الإصطناعي، حكم التصوير الفوتوغرافي. (میرزایی، ۱۳۹٦: ٥۲)

7.4.2. زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە بە هەوڵی دوژمنانی دین و پەیدابوونی دەیان تاقم و گرۆی بەناو ئیسلامی لە ناو گەلانی موسوڵماندا، دەیان ساڵە دژایەتیساڵیادی لەدایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه و سلم) دەکرێت و بە جۆرێک دووبەرەکێنی و ناکۆکیان خستۆتە ناو یەکڕیزی موسوڵمانان. بەڵام مامۆستای مودەڕڕیس، بە هەست کردن بەم مەترسیە و ترازانی کۆمەڵگای ئیسلامی، بەدەر کردنی فەتوای درووست بوونی مەولودی و دەربڕینی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه و سلم)، یەکڕیزی خستەوە ناو کۆمەڵگای ئیسلامی و بە تایبەتی زیاتر لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی، لە کوردستان ئەم یادە زۆر بەرز دەنرخێندرێت و ئێستا وڵاتانی ئیسلامی بە پشت بەستن بە فەتوای مامۆستا، وەک موفتی عێراق و کوردستان، هەموو ساڵێ بە گڕ و تینی زیاتر خۆیان بۆ ئەم یادە ئامادە دەکەن. (مەجلیس گرتن بۆ خوێندنەوەی مەولودنامە و میعراجنامە، بە موناسەبەتی یادی لەدایک بوونی حەزرەت (صلى الله عليه و سلم)، و چونی بۆ میعراج لە بیدعەتی حەسەنەیە. ئەگەر ئەم مەجلیسانە بێشەرعیان تیانەبێ، ئەوە دروستە و خێری زۆرە، بە تایبەتی ئەگەر خواردەمەنی تیابێ بۆ فەقیران.)(مدرس، ۱۹۷٦: ۳۰۲) مامۆستا، مەولودی بە پشت بەستن بە ئایەتی (**واختلاف ألسنتكم**) ۲۲/روم، و (بە فەتوای گەورە پیاوانی وەک: ئیمامی سەخاوی (۸۳۱-۹۳۲ک)، شێخ سرڕی سەقەتی(وەفات ۲۵۳ک)و ئیمامی سیوتی(۸٤۹ - ۹۱۱ک)، بە عورفێکی گونجاو و تەواو ئیسلامی دەزانێت. )(حسینی، ۱۳۹۷: ٥۹)

7.5. سەرنجی تایبەتی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی : مامۆستا، وەک کەسایەتیەکی دیاری کوردستان و عێراق، هەوڵی زۆری داوە هەتا زمانی دایک وەک ئامرازی فێرکاری و فێربوون و ڕاگواستنی زانست، پێناسە بکات. لەو بوارەشەوە پێشڕەو بووە لە ڕووی هزری و مەعریفەتی و ئەو هەوڵەی ئەو، بۆ پەرەی شوناس زۆر گرینگ بووە. مامۆستا، وەک موفتی کوردستان و عێراق، ئەو کاتەی کە لە ئەزهەری کوردستان، بیارەی شەریفە، بووە؛ فەتوای خوێندنەوەی خوتبەی لە ڕۆژانی هەینی بە زمانی کوردی دەرکردووە کە ئەو سەردەمە کورد زیاتر لە هەموو کات لە ژێر گوشاری پاکتاوکردن بووە و سڵی لە هیچ شتێ نەکردووە. خوتبەی کوردی مامۆستا، بۆ ماوەی دوازدە ساڵ لەبەری دەنووسرایەوە و وتاربێژان کەڵکیان لێوەردەگرت. بۆ نموونە: (مامۆستا شێخ جەمیل موفتـــــی لە هەڵەبجە، زیاتر لە دوانزە ساڵ ئەو خوتبەیەی دەخوێندەوە.)(پەیڕەو،۲۰۰۷: ٦٥) دواتر مامۆستا، ئەم خوتبانەی بە ناوی (وتاری هەینی) لە ۲٤۰ لاپەڕەدا لەچاپدا و کەڵێنێکی گەورەی لە دیوەخانەی باڵانمای ئەدەبیاتی کوردی - ئیسلامی پێ پڕبوویەوە. هەروەها مامۆستا دەیان بەرهەم و نووسراوی خۆی بە زمانی دایک نووسیوە، کە ئەمە نیشانەی سەرنجی تایبەتی ئەوە بە پەرەی زمانی دایک، وەک شوناسی نەتەوەیی.

ئەوەتا ڕۆڵی مامۆستا، بە تایبەت بە زمانە پڕ شاکارەکەی کوردی، (**ئاوی حەیات**)ی ژیانی کوردەواری لەسەر بنەما و بنچینەی (**ئیمان و ئیسلام**) جاری کرد و بە (**چل چرای ئیسلام**) ڕازاندیەوە. (**نوور و نەجات**)ی خستە ناو پاسەپۆرتی (**ڕۆژگاری ژیان**) و لێژنە (**بارانی ڕەحمەت**)ی (**شەریعەتی ئیسلام**)ی بە


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12380]
- **Submission Date:** [2026/1/5], **Accepted Date:** [2026/2/10], **Published Date:** [02/08/2026]

(**نووری قورئان**) بڵاو کردەوە و (**وتاری هەینی**) کردە هەوێنی (**بەهار و گوڵزار**)ی کوردەواری. لە ناو ( **بنەماڵەی زانیاران**)ی کوردی، (**یادی مەردان**)ی کردە ( **نامەی هۆشیاری**) و (**تەفسیری نامی**) بە (**ڕێگای بەهەشت**) ناساند. بە (**سەنا و سکاڵا**) لەبەردەم (**سەرچاوەی ئایین**)، (**مەولودنامە**)ی بۆ کرد بە (**نامەی بەختیار**) و (**ئیقباڵ نامە**)ی گەلەکەی لەسەر (**ئەساسی سەعادەت**) مۆر و مسۆگەر کرد. (بایزی، ١٣٩٦: ١٩)
ئاسەوارەکانی ئەو کارانەی مامۆستا، بەهێزبوونی دینداری خەڵک، زیادبوونی متمانەی گشتی بە دین و زانایانی ئایینی و گەشەی بزوتنەوەکانی زانستی، هزری و مەعریفەتی و پەرەی شوناسی نەتەوەیی بووە.

**ئەنجام**

پێگەی موفتی لە بەغدا لەسەردەمی مامۆستای مودەڕڕیس، کاریگەر بووە بۆ ڕێنوێنی بزوتنەوەکانی هزری و مەعریفەتی کۆمەڵگای ئیسلامی. مامۆستا بە پشت بەستن بە زانست و زانیاریەکی کە لە حوجرەکانی کوردستاندا وەری گرتبوو، هەروەها زاڵبوونی بەسەر ئیجتیهاد، توانی وەڵامدەرەوەی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتی و پێداویستیەکانی هزری بێت.

مامۆستا بە دووربوون لە بیر وشکی فیقهی و مەزهەبی و قەومی، لەگەڵ پابەندبوونی تەواوی بە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و مەزهەبی شافیعی، توانی دۆخێک بۆ تێگەیشتنی عەقڵانی لە فیقە و ئیجتیهاد و ڕۆحیەتی ڕەخنە قبوڵکردن پێک بێنێت و هەوڵی زیندووکردنەوەی زمان و کولتووری خۆمانە بدات و هەمووان سودی لێوەربگرن.

مامۆستا، توانی لە نێوان دەقە شەرعیەکان و واقیعی کۆمەڵگادا، پەیوەندیەکی گرینگ دابمەزرێنێ و گفت و گۆی زانستی نیوان زانایانی کورد و عەرەب و غەیری ئەوانیش پەرە پێبدات.

## Abstract


Mela Abdulkarimi Mudarris, one of the greatest Kurdish scholars of the 20th century, played a prominent role in reviving science, religion, and Kurdish culture. This research, using a historical-analytical approach, examines his position as the Mufti of Iraq and his intellectual and scientific influences.

The teacher Mudarris, drawing on deeply rooted scientific and jurisprudential knowledge within himself and Kurdish culture, and evaluating topics through independent reasoning (ijtihad), was able to implement a new system in religious matters. His approach created a new balance between remaining faithful to the old religious heritage and addressing the changing needs of contemporary society.

In Mudarris's life, it becomes evident that he not only resolved everyday religious issues for people, but also used his position as Mufti of Baghdad and Iraq to guide the intellectual and spiritual thought of society. He developed the spirit of accepting criticism, confronted jurisprudential thinking, and utilized new methods in religious education.

Furthermore, his scientific works paved the way for reviving the tradition of scientific dialogue, elevating the status of the Kurdish language in Kurdish educational circles, and nurturing students who would later become founders of new knowledge and intellectual landscapes. The research demonstrates that Mudarris, through writing dozens of books, teaching, and his social and spiritual role, was one of the primary and strong pillars of the intellectual and knowledge movement in Kurdistan during the 14th century AH (Islamic calendar). He dedicated his position as Mufti of Iraq to becoming a guiding and developmental center for civilization and science


**Keywords**: Mela Abdulkarimi Mudarris, Ifta (Islamic legal interpretation), Thought and Knowledge


## ملخص


لعب ميلا عبد الكريمي مدرس، أحد أبرز علماء الأكراد في القرن العشرين، دورًا بارزًا في إحياء العلوم والدين والثقافة الكردية. تتناول هذه الدراسة، من خلال منهج تاريخي تحليلي، منصبه كمفتي للعراق وتأثيراته الفكرية والعلمية.

استطاع المعلم مدرس، مستندًا إلى معارف علمية وفقهية راسخة في ذاته وفي الثقافة الكردية، ومُقيّمًا المواضيع بالاجتهاد، أن يُرسي نظامًا جديدًا في الشؤون الدينية. وقد أوجد منهجه توازنًا جديدًا بين التمسك بالتراث الديني العريق وتلبية الاحتياجات المتغيرة للمجتمع المعاصر.

يتضح من حياة مدرس أنه لم يقتصر دوره على حل المشكلات الدينية اليومية للناس، بل استخدم أيضًا منصبه كمفتي لبغداد والعراق لتوجيه الفكر الفكري والروحي للمجتمع. وقد غرس روح تقبّل النقد، وواجه الفكر الفقهي، واستخدم أساليب جديدة في التعليم الديني.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [Insert], **Issue:** [Insert], **Year:** [Insert], **DOI:** [Insert DOI]
- **Submission Date:** [Insert], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [Insert], **Published Date:** [Insert]

علاوة على ذلك، مهدت أعماله العلمية الطريق لإحياء تقاليد الحوار العلمي، ورفع مكانة اللغة الكردية في الأوساط التعليمية الكردية، وتنشئة طلاب سيصبحون فيما بعد روادًا للمعرفة والفكر. يُظهر البحث أن المدرس، من خلال تأليفه عشرات الكتب، وتدريسه، ودوره الاجتماعي والروحي، كان أحد الركائز الأساسية والراسخة للحركة الفكرية والمعرفية في كردستان خلال القرن الرابع عشر الهجري. وقد كرّس منصبه كمفتي للعراق ليكون مركزًا إرشاديًا وتنمويًا للحضارة والعلوم. الكلمات المفتاحية: ميلا عبد الكريمي مدرس، الإفتاء (التفسير الفقهي الإسلامي)، الفكر والمعرفة.

**سەرچاوەکان**


١. قورئانی پیرۆز.
٢. امامی، عبدالسلام(١٣٩٣)، تغییر فەتوا و زمینەهای آن در فقه اهل سنت، پژوهشگاه مطالعات اسلامی، ٩٦.
٣. امامی، عبدالسلام (١٣٩٦)، نقد و تحلیل ادله انسداد و انفتاح باب اجتهاد، فصلنامه فقه و اصول، ١٢٠.
٤. اکبری، بهمن (١٣٨٧)، بحران هویت و هویت دینی، سال ششمم پیک نور.
٥. بایەزی، محەممەد زوبێر (١٣٩٦)، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و زمان و ئەدەبیاتی کوردی، مهاباد.
٦. حسینی، سید سعید (١٣٩٧)، درآمدی بر روش‌شناسی و دیدگاههای ملا عبدالکریم مدرس، فصلنامه سخن تاریخ، ش ٢٧.
٧. شوکانی، محمد بن علی(١٩٩٢)،ارشاد الفحول إلی تحقیق ألحق من علم ألاصول، بیروت.
٨.عزیزی، مهدی (١٤٠٣)، بررسی روش آموزشی شبهات اعتقادی، ش٢٢، فصلنامه فقه تربیتی.
٩ـلوینز،فرانک(١٣٨٢)،پایان نامه نویسی با تأکید بر نگرش علمی، ترجمه: مرجان فیاضی،فاطمه رزمی،ترنم.
١٠. مدرس، ملاعبدالکریم (١٣٩٥)، شریعت اسلام، مترجمان، محمدزبیر بایزی، لاله نقشبندی، ارومیه، انتشارات حسینی اصل.
١١. مدرس، مەلا عەبدولکەریم(١٩٧٦)، شەریعەتی ئیسلام بە پێی پەیرەوی ئیمامی شافیعی، چاپی دووهەم، بەغدا، کۆڕی زانیاری کورد.
١٢. معین، محمد (١٣٨٣)، فرهنگ معین، چاپ ٢١، تهران، امیرکبیر.
١٣. مردوخ روحانی، ماجد(١٣٨٨)، فرهنگ فارسی ـ کردی، دانشگاه کردستان.
١٤. موفتی، شێخ محسن(٢٠٠٧)، دەروازەیەک بۆ یادی زانای بیارە مامۆستای مودەڕریس، پەیرەو، ٤٢ و ٤٣.
١٥. میرزایی، محمداحسن(١٣٩٦)، مدرس نامه، سنندج.


...


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12380]
- **Submission Date:** [2026/1/5], **Accepted Date:** [2026/2/10], **Published Date:** [02/08/2026]